زیاتر لە٢٥ کورد پالێوراون بۆ پەرلەمانی سوید

ئا: ئاوێنە، سوید

سوید، ئەو وڵاتەی کە بە"کوردستانی ئەوروپا" ناودەبرێ، رۆژانی ١ تا ١٩ی ئەیلولی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانو ئەنجومەنی باڵای پارێزگاو شارەوانییەکان بەخۆیەوە دەبینێت، لەم هەڵبژاردنەدا زیاتر لە"٢٥" کورد لەلایەن حیزبەکانی ئەو وڵاتەوە کاندیدن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانو بە دەیان کوردی دیکەش کاندید کراون بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان.



ژمارەیەک کوردی ئەکتیڤی نێو پارتە سویدیەکان شێلگیرانە لەهەوڵو کۆششی ئەوەدان چالاکانە بەشداری لەکاری سیاسیو حیزبایەتی ئەو وڵاتەدا بکەن

لەم هەڵبژاردنەدا، نزیکەی ٧١ پارت وەک قەوارەیەکی سیاسی ناوی خۆیان بۆ چوونە نێو کێبەرکێی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە تۆمارکردووە. ٤٦ پارتیش بۆ هەڵبژارنەکانی هەرێم (ئەنجومەنی باڵای پارێزگا)و ١٦٨ پارتیش بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ناوی خۆیان تۆمار کردووە. هەرچەندە مەرج نیە پارتێک بۆ ئەوەی بچێتە کێبەرکێی هەڵبژاردنەوە دەبێت ناوی خۆی تۆمار بکات، چونکە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی سوید، پارتو رێکخراوەکان بەبێ تۆمارکردنی ناوی خۆشیان، دەتوانن لیستی خۆیان هەبێت.

لەم هەڵبژاردنەی وڵاتی سویددا، کە دابەش بووە بە سەر ٢٩ بازنەدا. پارتو حیزبەکان بونەتە دوو جەمسەر یاخود دوو بەرەو دوو هاوپەیمانی دژ بەیەک: بەرەی یەکەمیان بەرەی سەوزو سورە، (کە پارتی سۆسیال دیموکراتەکانو پارتی چەپو پارتی ژینگە دەگرێتەوە)، بەرەی دوەمیشیان پارتی مۆدێراتەکان (واتە پارێزگاران)و پارتی گەلی لیبرالو سەنتەر (پارتی جوتیاران)و پارتی دیموکراتی مەسیحی دەگرێتەوە، کە ئەمانە ئێستا وەک هاوپەیمانێتییەک پێکەوە لەسویددا دەسەڵاتدارن.

ئەو دوو بلۆکە یاخود بەرەیە هەریەکەیان بەرنامەی تایبەتیان هەیە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنو لەناو بلۆکەکانیشدا هەر پارتێک بەرنامەی تایبەت بەخۆی هەیەو بەتەنیا بانگەشە بۆ خۆی دەکات. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئێستا تەنها حەوت پارت نوێنەریان لەپەرلەمانی ئەو وڵاتەدا هەیە.

کورد، یەکێکە لەو نەتەوانەی کە سەڵانێکە وەکو پەنابەر لەهەر چوار پارچەی کوردستانەوە روو لەسوید دەکەن، زیاتر بەهۆی سیاسییەوە بووەو دواتریش هۆکاری ئابووری رۆڵی هەبووە لەوەی کوردەکان پەنا بەرنە ئەو وڵاتە. زیاد لەملیۆنێک لەدانیشتوانی سوید لەدەرەوەی سویدەوە هاتونو بەرەچەڵک خەڵکی وڵاتەکە نین کە دانیشتوانی نزیکەی ٨ ملیۆنە، لەدەیەی حەفتای سەدەی رابردوودا، مافی دەنگدان بۆ نوێنەری هیچ پارتێکی سیاسی کوردستانی نیە، ئەگەرچی هەست دەکرێت فلانە کاندید یان فیسارە پالێورەو لەم یان لەو پارتو حیزبی کوردستانەوە نزیکن. دیارە کاندیدە کوردەکانیش لەناو حیزبەکانیاندا نوێنەری حیزبەکانیان بەپلەی یەکەمو پاشان سەرە دێتە سەر بایەخدانیان بەپرسی کوردو مەسەلەی دەنگدەرانی پەنابەر، نزیکایەتییەکە بەهێز دەکات بەخەڵکی کوردەوە.

نزیکەی ٢٥ بۆ ٣٠ کورد کاندیدن بۆ هەڵبژاردنی ئەمساڵی سوید، هەندێکیان چانسی بردنەوەیان بەهێزەو هەندێکیشیان چانسی بردنەوەیان لاوازە، ئەگەرچی لەهەڵبژاردندا هەموو سۆپرایزێک رووەدات.

لەناو پارتی سەوزدا ئەم کاندیدا کوردانە هەن، جەبار ئەمین کاندیدی ژمارە یەکە لەشاری ئومێو. پارتی سەوز لەئومێو ئێستا تەنها یەک کورسی هەیە. جەبار ئەمین کە گەورەترین کەمپینی کردووەو کەسایەتییەکی ناسراوی پارتی سەوزیشە، چانسی بردنەوەیان بەهێزە.

ئاسۆ کەریم زەند، ژمارە چوارە لەهەرێمی "ڤێرم لاند" کە لەژمارەیەک کۆمون پێکهاتوە. لێرەش پارتی سەوز یەک کورسی هەیە. (ئاسۆ دەبێت لە ناوچەی ڤێرم لاند نزیکەی هەزارو پێنج سەد دەنگ بهێنێت. کە زەحمەتە). فەردین قادری، ژمارە شەشە لەئوپاسالا، لێرەش سەوزەکان یەک کورسیان هەیە. ئەمین مەسکان، ژمارە بیستو شەشە لەئۆپساڵە. نەوزاد حەمە شەریف، ژمارە سێو حەوتە لەهەرێمی ستۆکهۆڵم، لێرە پارتی سەوز سێ کورسی هەیە. هەریەک لەمانە بردنەوەیان زەحمەتە. بەڵام رێبوار حەسەن کە ژمارە شەشە لەشاری ستۆکهۆڵم، چانسی بردنەوەی بەهێزە، بەسەرنجدان لەوەی پارتی سەوز لێرە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٦ دا سێ کورسیان بەدەستهێناوە. ئەگەر رێبوار حەسەن بەدەنگی خۆی بچێتە ناو پەرلەمانەوە دەبێت نزیکەی ٣٦٠٠ دەنگبهێنێت. ئەمەش چاوەڕوانکراوە، بەپێی ئەو دوا راپرسییە لەستۆکهۆڵمدا ئەنجامدراوە، پارتی سەوز بەپلەی سێهەم دێت، کە سۆشیال دیموکرات بەپلەی یەکەم دێت بەڕێژەی ٢٠٪و مۆدێراتەکان بە ١٩٪ بەپلەی دووەمو پارتی سەوزیش بە١٨٪ بەپلەی سێهەم دێت.

پارتی چەپیش کە ٢٢ کورسیان لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦ دا هێنا، لەستۆکهۆڵم شەش کوردی کاندید کردووە، ئەگەر ئەم شەش کاندیدە کورد بەدەنگی شەخسی بچنە ناو پەرلەمانەوە، ئەوا دەبێت هەریەکەو نزیکەی ٤٠٠٠ دەنگ بەدەستبهێنن بەپێێ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦. ئێستا پارتی چەپ لەستۆکهۆڵم تەنها ٢ کورسی هەیە لەپەرلەماندا.

ئامینە کاکە باوە ژمارە چوارە، ئەو تا ئەندازەیەک وەک ژنێکی فێمێنیست ناسراوەو چانسی بردنەوەی بەهێزە، هەدیە گیوزەل ژمارە هەشتە، زانا حەسەن ژمارە نۆزدەیەو موژدە رەشید ژمارە ٢٩یە. جگە لەئامینە، هیچ کام لەکاندیدەکانی دیکە ئەگەری بردنەوەیانی بەهێز نییە، ئەمە جگە لەوەی کاندیدکردنی شەش کورد لەلایەن ئەو پارتەوە لەستۆکهۆڵمدا، رێژەی دەنگەکانی کورد زیاتر پەرتو دابەش دەکات.

هەروەها پارتی چەپ، لەشاری یۆتۆبۆری سێ کاندیدی کورد هەیە. یەک کوردیش لەشاری یەفلە، یەک کوردیش لەدارلارنا کوردێکیش لەسیۆرملاندو کوردێکیش لەئێوستلاند. سارا موحەمەدی لەشاری مالمۆ لەلیستی چەپەکاندا ژمارە چوارە. دڵشاد سالح لەهەرێمی یەفلە ژمارە سیازدەیە. ئیبراهیم کاکە حەمە لەهەرێمی سکۆنێ ژمارە سیازدەیە. ئاوارە ئیبراهیم لەشاری کریستینە ژمارە بیستە. ئەینور بێدۆغان لەهەرێمی ئۆپساڵە ژمارە شازدەیە. شەهلا ڕەشید لەشاری کارڵستاد ژمارە هەژدەیە.

سۆسیال دیمۆکراتەکانیش لەشاری ستۆکهۆڵم، باوەڕ کێفیر کە کاندیدی ژمارە ٣٨مو لەهەرێمی ستۆکهۆڵم ئەڤین چەتین کە ژمارە چواردەیە، کاندیدیانە. سۆسیال دیمۆکراتەکان ئێستا لەستۆکهۆڵم ٥ کورسیو لەهەرێمی ستۆکهۆڵمیش هەر ٥ کورسیان هەیە.

پارتی گەل لەستۆکهۆڵم، گوڵان ئاڤچی کاندیدی ژمارە شەشیانەو بورهان یلدیز ژمارە ٢١ کاندیدیانە، گوڵان ئەڤچی کە هاوسەرێکی سودییەو کەسێکی تا ئەندازەیەک ناسراوە، چانسی بردنەوەی بەهێزە. هەروەها ئیسماعیل کامیل لەئۆپساڵە کە کاندیدی ژمارە یەکیانە، بەهەمان شێوە بردنەوەی تا ئەندازەیەک مسۆگەرە.

پارتی پارێزگاران یاخود راستڕەوەکان لەشاری ستۆکهۆڵم تەنها یەک کورد کاندیدیانە کە ئەویش "مەحمود فەهمی"یەو کاندیدی ژمارە ٤٣یە.

هەروەها پارتی سەنتەر "جوتیاران"یش تەنها کوردێکیان کاندید کردووە کە "زاڵم دلۆڤان"ە.

جێی ئاماژەیە، کە "نالین بوکسی" یەکەم کورد کە لەسویددا ئەندامی پەرلەمان بووبێت، هەروەها لەم دواییەشدا فەهمی مەحمودو ئامینەی کاکە باوە بەهۆی ئەوەی هەندێ لەئەندامانی پەرلەمانی حیزبەکەیان وازیان لەشوینەکەیان هێنا یان نەخۆش کەوتن ئەمان چونە شوێنیان.

زۆرێک لەئاوێنە

بەختیار عەلی دەینوسێت

دەربارەی ئەدەبیاتی فڕین

بەشی یەکەم

لەرۆمانی هاری پۆتەرو زیندانەکەی ئەسکاپاندا، هاری یەکێک لەخاتوونە لووتبەرزو بەدەماکان «خوشکەکەی فێرنۆن» کە گاڵتە بە دایکو بابی هاری دەکات هێند فووردەدات تا وەک دەبدەبەو بالۆنۆچکەیەکی لێدێت کە بەرزدەبێتەوەو بەرزدەبێتەوەو بەرزدەبێتەوە، تا وای لێدێت لەئاسماندا وندەبێتو بەچاوان نابینرێت. ئەم دیمەنە ملیۆنەها مرۆڤ لەڕۆمانەکەی هاری پۆتەردا خۆیندویانەتەوەو ملیۆنەها لەبینەرانی فلیمەکەش بینیویانە، کاتی خۆی یەکێک لەڕەخنەگران رای وابوو ریشەی ئەم دیمەنە دەشێت بگەڕێتەوە بۆ هەندێک دیمەنی ناوتۆمۆجێری، کە تێیدا زیاد لەجارێکو لەڕێگای چەندین فێڵو هۆکاری جیاواز جیاوازەوە هەر یەک لەتۆمو جیری وەک خانمە پفکردوەکەی جوانا ڕۆلینگو وەک میزەڵدانی منداڵان لەجێگای خۆیان بەرزدەبنەوە. خەیاڵی فڕینو بەرزبوونەوە لەزەوی خەیاڵێکی نوێ نییە، چیرۆکی مرۆڤو فڕین ڕۆژانە دووبارەدەبێتەوە، ئێمە لەمندااڵیمانەوە ڕۆژانە لەفیلمە کارتۆنەکاندا، لەحیکایەتەکاندا، لەسریالەکانی خەیاڵی زانستیدا چیرۆکی فڕین دەبینینو دەخوێنینەوە. لەفلیمو چیرۆکی منداڵاندا، لەفلیمەکانی ئەکشنو جوڵەدا، لەیاریییە ئەلەکترۆنییەکاندا، فەنتازیای فڕین دوا سنووری خۆی بڕیوەو وەک ئەوە وایە ئێمە لەسەردەمی پاڵەوانە فڕیوەکاندا بژین، فڕین یان نیمچە فڕین لەسەدەی بیستدا بەشێکە هەم لەئەدەبیاتیو لەکاراکتەری پاڵەوانەکانی ناو ماشینەکانی ماسمیدیاو هەم بەشێکیشە لەئەدەبیاتی زۆر جیدی، هەم میکی ماوس دەفڕێتو هەم ئەمیرە چکۆلەو قەشەنگەکەی سانت ئەگزۆبێری. بەجۆرێک کاتێک خانمی جوانا ڕۆلینگ ئەم دیمەنە دروستدەکات، بەر لەو فڕین مێژوویەکی زۆر دوورودرێژی لەئەدەبو فەنتازیادا هەیە، فڕین سیفەتێکی ئاسایی‌و دیمەنێکی بینراوو ڕۆژانەی ناو ئەدەبو سینەماو گەمەکردنە، بەشێکی دانەبڕاوی هەموو فەنتازیایەکە بیەوێت پاڵەوانەکانی شتێک لەواقیع دوورببخاتەوە، ئیدی هیچ کەس ئەو پرسیارە گەمژانەیەی بەبیردا نایەت بڵێت خانمی ڕۆڵینگ ئەم فڕینەی لەکێ وەرگرتووە، دیارە ئەوە تاقانە فڕینی ناو هاری پۆتەر نییە، ڕۆمانەکانو فلیمەکانی هاری پڕن لەفڕین... بەڵام فڕینێک کە خەیاڵی سەدەکانی ناوەند دەربارەی سیحرو فڕین دووبارە دەکەنەوە، پۆتەر وەک ئەو سیحربازانەی لەسەدەکانی ناوەندا لەسەر گسکەکانیان دەفڕین، دەفڕێت. ئەرشیفی وێنەو هێڵکاری لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە، ژمارەیەک زۆر نیگاری سیحربازانی فڕیویان بۆ هەڵگرتووین، بەجۆرێک دەکرێیت بڵێین بەهەر لایەکدا بڕۆین بەر مەخلوقاتی فڕیو دەکەوین، لەمیتۆلۆگیای دێرینداو بەر کەسانی باڵداری وەک کیوبیدو ئیرۆسو دیدالۆس دەکەوین، ئەستەمە هیچ کەس یەکجار تابلۆکەی چارلز پاول لەندۆن «دیدالۆسو ئیکارۆس ـ ١٧٩٩» ببینێتو دواتر یادی بچێتەوە کە تێیدا دیدالۆس بەدوو باڵی گەورەوە ئیکارۆس فێری فڕین دەکاتو بەرەو ئاسمان بەریدەدات، ئەستەمە مرۆڤ تابلۆ بەناوبانگەکەی «ئیرۆسو پسیشی ـ ١٧٩٠»ی فرانسۆ گیرارد ببینێتو یادی بچێتەوە کە تێیدا ئیرۆس بەمیهرەوە بەخۆیو باڵە زلەکانییەوە باوەشی بەپسیشیدا کردوە. پاڵەوانە خەیاڵییەکانی ناو ئەفسانەو ئەدەبیات لەسەرەتای سەرەتاکانەوە دەفڕن، نەوەک پاڵەوانی ئەفسانەکان بەتەنیا بەڵکو هەموو دەزانین کە پێغەمبەرانیش دەفڕن.

مرۆڤ بەوەوە نەوەستاوە توانای فڕین ببەخشێتە خۆی، بەڵکو شتەکانی دیش لەزەوی بەرزدەکاتەوەو لێناگەڕێت ئاسووەدە بەزەوییەوە بنووسێن. لەساڵی ١٩٢٨دا والت دیزنی بۆ یەکەمجار فیگوری کارتۆنی میکی ماوسی لەفلیمی «ستیمبۆت ویلی»دا پێشکەشکرد، ئەو دەمو تا ساڵی ١٩٤٩ دەنگی میکی ماوس هەر دەنگی والت دیزنی خۆی بوو. فیگوری ئەو مشکە فڕیوەی کە بەرگری لەلاوازەکان دەکات، تەنیا خەیاڵی منداڵانی نەدەخرۆشان، بەڵکو خەیاڵی گەورەکانیشی دەهێنایە جۆش. بەچەشنێک میکی ماوس وەک فیگورێکی کارتۆنی‌و سینەمایی نەمایەوەو بوو بەپاڵەوانی هەزاران چیرۆک کە سەرچاوەکەی تەنیا کۆمپانیای والت دیزنی نییە، بەڵکو لەهەموو شوێنێکی دونیاوە بەرهەمدەهێنرێن. بەکورتی میکی ماوس بەهۆی هێزو توانای فڕینییەوە، بووە مولکییەتی گشتی، کاراکتەرێکی جیهانی‌و پاڵەوانێکی سەرەتایی «گلۆبالیزەیشنی کولتووری»، فیگورێک کە ڕۆژانە لەهەموو لایەکی دونیاوە حیکایەتی لەسەر دروستدەکرێت، ئەمڕۆ ئەو چیرۆکانەی لەسەر میکی ماوس دروستدەکرێن تەنیا مۆرکی ئەمریکیان نییە، بەڵکو مۆرکێکی ئینتەرناسیونالیان هەیە. دوای میکی ماوس بەماوەیەکی کەم وێنە ئینسانییەکەی ئەم فیگورەش کەوتە بازاڕەوە، لەساڵی ١٩٣٢دا بۆیەکەمجار لەگۆڤاریێکی کۆمیکدا کەسایەتییەکی نوێو گرنگو فەنتازی هاتە ناو بازاڕی سینەماو فەنتازیاوە بەناوی سوپەرمانەوە. فیگەرەکە لەلایەن جێری سیگڵو جۆی شوستەرەوە دروستکرا، کە هەردووکیان پێکەوە گۆڤاریێکی کۆمیکی تایبەت بەخەیاڵی زانستیان لەکلیفلاند بڵاودەکردەوە. سەرەتا سوپەرمان کاراکتەرێکی کەچەڵی شەڕانی بوو، کە دەیویست لەڕێگای هێزێکی بێئەندازەو توانایەکی بێسنوورەوە لەسەرکارتێکردنی تیلیپاتی ببێت بەحوکمڕانی جیهان، بەڵام دواتر هێدی هێدی کاراکتەرەکە گۆڕا بۆ کەسێکی جوانو بەهێز کە لەپێناوی عەدالەتدا دەجەنگێتو بۆ هەق خەباتدەکات. کاراکتەری سوپەرمان بەجۆرێک لەجۆرەکان وەک کۆپییە مرۆڤ ڕەنگەکەی میکی ماوس دەردەکەوێت، هەردووکیان دەفڕن، هەردووکیان لەکاتی ئاساییدا هێزنو توانای خۆیان دەرناخەن، لەهەردووکیاندا هەمیشە کچێک یان مێینەیەک هەیە کە دەبێت ڕزگاربکەن، لەهەردووکیشیاندا بەرەی خێرو بەرەی شەڕ بەڕوونی‌و بەهێڵێکی سەرەکی جیاکراونەتەوە. دەیان ساڵە ئەم دوو فیگورە پێکەوە خەیاڵی گەورەکانو منداڵان دەخرۆشێنن. دەچنە ئاسمانو دادەبەزنەوە. هۆی ئەو سەرسامییە زۆرە بەم دوو کاراکتەرە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزەی شتێک لەنیگاری خوداوەندە یۆ نانییە کۆنەکانمان پێدەبەخشنەوە. لەبونیادی درامی زۆربەی چیرۆکەکانی میکی ماوس‌و سوپەرماندا ئەو ڕەگەزە دێرینە هەیە کە لەدرامای یۆنانیدا بەدیۆس ئێکس ماشینە ناودەبرێت. لەزۆربەی چیرۆکەکاندا کەسێکی لاواز دەکەوێتە دەست هێزێکی شەڕانی زۆر لەخۆی گەورەتر، بەجۆرێک مەگەر موعجیزەیەک رزگاریبکات. لەمیکی ماوسداو لەهەندێک چیرۆکی سوپەرمانیشدا دیمەنی دووبارەو ستاندارد ڕوداوی سەر ئەو هێڵی شەمەندەفەرەیە کە کچەکەی لەسەر بەستراوەتەوەو شەمەندەفەرێک بەخێراییەکی گەورە بەرەو ڕووی دێت، بەجۆرێک گەر پاڵەوانەکە نەفڕێت ناتوانێت بگاتە جێگای ڕووداوەکەو بەر لەکارەساتەکە بگرێت. ئەم دیمەنە دواتر گوازراوەتەوە بۆ سەدان فلیمو چیرۆکی دیکەش. دیۆس ئێکس ماشینە واتە «یەزدانێک لەماشینێکەوە دێتە دەرێ»... لەدرامای گریکیشدا هەمیشە ڕووداوەکان دەگەنە جێگایەکی تەنگو بەردەم ڕێگایەکی داخراو، کە چیدی گرێکان بەهێزی ئاسایی مرۆڤە ئاساییەکان ناکرێنەوەو گرفتەکانی بەوان چارەنابن. لێرەدا دەبێت هێزی خوداوەندان خۆیان دابەزنە سەر سەحنەو گرفتەکە چارەسەربکەن، دیۆس ئێکس ماشینە هێمایە بۆ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی هێزی خودایی لەسەر ڕەوتی درامی ڕووداوەکان. فڕین لەزۆر چیرۆکو فلیمدا ئەو هێزە دەبەخشێتە مرۆڤەکان بتوانن ڕەگەزی «دیۆس ئێکس ماشینە» بهێننە ناو ئەدەبیاتو سینەمای نوێوە. فڕین ئەو ڕەگەزی موعجیزەیەیە کە دەرهێنانی لەزۆر تێکستو ڕۆمانو فلیم کارێک دەکات، تەواوی بونیادی درامی‌و ستراکتوری فەنتازییان هەرەسبهێنێت.

فڕین ئەو ڕەگەزی موعجیزەیەیە کە دەرهێنانی لەزۆر تێکستو ڕۆمانو فلیم کارێک دەکات، بونیادی درامی‌و ستراکتوری فەنتازییان هەرەسبهێنێت

کاندیدی پەرلەمانی سوید "رێبوار حەسەن": هیوادارم پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان تەدەخول لەهەڵبژاردنەکانی سویدا نەکەن

رێبوار حەسەن

ئا: ئاوێنە

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ڕۆڵی کورد لەهەڵبژاردنەکانی سویددا، ئاوێنەی چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی "رێبوار حەسەن" کاندیدی ژمارە ٦ی پارتی سەوز بۆ پەرلەمانی سوید کرد، ئەو دەڵێت "هیوادارم پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان پشتگیری کاندیدە کوردەکان بکەن".

ئاوێنە: بەبڕوای تۆ تا چەند ئەگەری ئەوە بەهێزە لەپەرلەمانی داهاتووی سوییدا، چەند پەرلەمانتارێکی بەڕەچەڵەک کورد ببینین؟

رێبوار حەسەن: لەهەموو شوێنێکی دونیادا هەڵبژاردن پڕە لەموفاجەئە، بۆ ئەو پرسیارە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە هەر کاندیدێک ڕیزبەندی لیستەکە بشکێنێت دەبێت لە ٨٪ دەنگی حیزبەکەی بهێنێت لەو بازنەی هەڵبژاردنەدا کە ناوی ئەوی تێدایە. دیارە ئەم ژمارەیە زۆر زەحمەتە بۆ کاندیدی پارتە گەورەکانی وەکو سۆسیال دیمۆکراتەکانو مۆدیراتەکان. بۆ نمونە ئەڤین چەتین دەبێت نزیکەی پانزدە هەزار دەنگ بهێنێت لەهەرێمی ستۆکهۆڵمدا بۆ ئەوەی لەلیستەکەدا بچێتە سەرەوە. بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ کاندیدێکی پارتی چەپ یان سەوزو گەل کەمترە کە نزیکەی ٣٠٠٠ تاکو ٤٠٠٠ دەنگ دەکات، هەربۆیە ئەگەر مەبەست بێت کوردێک بچێتەناو پەرلەمانەوە گرنگەدەنگ بەکوردی پارتە بچکۆلەکان بدرێت، چونکە ئاسانترە بۆ شکاندنی ڕیزبەندی لیستەکان. نمونەمان لەم جۆرە بینی لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی ئەوروپادا هیچ کاندیدێکی کورد نەچونە ئەو پەرلەمانەوە، چونکە دەنگێکی زۆری کورد درا بە کاندیدی سۆسیال دیمۆکراتەکان، کە پێویستیان بەنزیکەی چل هەزار دەنگ بوو.

ئاوێنە: بەپێی ئەم ڕێسایە کام یەک لەم کاندیدە کوردانە ئەگەری بردنەوەیان بەهێزە؟

رێبوار حەسەن: جەبار ئەمین لەپارتی سەوز لەئومێو ئیسماعیل کامیل لەپارتی گەل لەشاری ئۆپساڵە شانسی دەرچونیان بەپلەی یەکەم دێت. واتە ئەم دو کاندیدە شانسیان لەهەموو کاندیدە کوردەکانی تر زیاترە کە ببن بەئەندامی پەرلەمان، چونکە هەردووکیان لەلیستی پارتەکەیان لەهەرێمەکەی خۆیان ناوی یەکەمن. هەروەها ئامینە کاکەباوەو گوڵان ئیڤیچو ڕێبوار حەسەن شانسی بردنەوەیان هەیە بۆ چوونە پەرلەمانی سویدەوە. وەک وتم کێشەیەکی کاندیدە کوردەکان ئەوەیە کە دەبێت ئەو ڕێژەیە ببڕن تا بتوانن پێی سەرکەون کە ٨٪ی دەنگی پارتەکەیانە لەبازنەی هەرێمەکە، ئەگەر کەسێش لەو لیستە ئەو ڕێژەیە نەهێنێ ئەوا کاندیدەکان بەگوێرەی ڕیزبەندی دەچن بۆ پەرلەمان کەئەمەش بەقازانجی هەندێک کاندیدی کوردە.

ئاوێنە: خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەم ڕێژە زۆرەی کاندیدی کورد لەم هەڵبژاردنەدا لەچیدا دەبینی؟

رێبوار حەسەن: چەند شتێک زیان بەکاندیدە کوردەکان دەگەیەنێت، بۆ نمونە ئەگەر سەرنج بدەیت پارتی چەپ شەش کوردی کاندید کردووە لەهەمان لیستی ستۆکهۆڵمدا، دیارە ئەمەش لایەنی باشیو خراپی هەیە، خراپییەکەی لەوەدایە کە کێبڕکێ لە ناو کاندیدە کوردەکانی هەمان حیزبدا لەهەمان ناوچەدا کارێکی باش نابێت. بەڵام لەبەرامبەردا پارتی سەوز دەبینین کە ئەوەی باشە لەئومێو، ستۆکهۆڵمو فێرم لاند تەنها یەک کوردیان کاندید کردووە لەلیستەکەدا واتە هیچ منافەسەیەک لەنێوان، ڕێبوار حەسەنو جەبار ئەمینو ئاسۆ زەندا نیە. هەروەها گەلییەک کە لەپارتی سۆسیال دیمۆکراتەکان دەکرێت ئەوەیە هیچ کاندیدێکی کوردیان نیە کە لەسەرەوەی لیستەکە لەسەرانسەری سویدا کە شانسی دەرچونی هەبێت.. هەرچەندە ئەمان دەزانن کە کوردێکی زۆرمان هەن کە ئەندامی ئەم پارتەن.

ئاوێنە: قسەو باسی ئەوە لەئارادایە کە پارتە گەورەکانی کوردستان بەجۆرێک لەجۆرەکان خۆیان لەهەڵبژاردنەهەڵدەقورتێنن یان پشتگیری کاندیدێکی دیاریکراو دەکەن، بەبڕوای تۆ ئەمە کارێکی باشو شیاوە؟

رێبوار حەسەن: هیوادارم پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان پشتگیری کاندیدە کوردەکان بکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی هەوڵبدەن ڕاستەوخۆ تەدەخولی هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتە بکەن. چونکە هیچ حیزبێکی سیاسی لەسویدا، ئامادە نییە پرس‌و بەرژەوندی خەڵکی سویدو وڵاتی سوید بکاتە قوربانی هیچ وڵاتێکی تر. هەربۆیە دەبێت لایەنە کوردییەکانیش لەژێر دروشمی ئەوەی کە لیبراڵن یاخود سۆسیال دیمۆکراتن، کوردە کاندیدەکانیان لەبیر بچێت.